# ئەو دەمەی هەموو تەمەن دەبێتە دیمەنێك

پێشکەشە بەدیمەن کە دەیەوێت پارچەکانم کۆکاتەوە

**سدیق عەلی**
sdiqail@gmail.com

**تێبینی ئەم شیعرە یەکەمی فیستیڤاڵی فانیی بووە**

## پارچەی یەکەم

**بلوێرمان لێداو ڕۆیشتین**

**بە جانتای پڕ لە ئاوو**

**دێمکەی پڕ ووشەوە**

**بە قورگی پڕ لە ئاڵتون و**

**تورەکەی پڕ گریانەوە**

**ئەو دەمەی بیستمان گرێبەستی نێوان**

**پەرداخەکانی منو شەرابی بیٚ ئومێدی مۆر کرا**

**ڕێکەوتننامەی نێوان بەرائەتو کچ**

**لە گریانی ژوانی هاوڕێمدا هەڵوەشایەوە**

**ئێمە بە دوو کتێبی چرچ و**

**دوو دەستی پڕ شیعرەوە**

**بلوێرمان لێداو ڕۆیشتین**

**تا تریە بێتاقەتەکانی فرێدانی توێکڵی گوڵە بەرۆژە بۆئێوە بن**

**پەڕ پەڕ کتێبی کاپیتاڵ و**

**نوێژ نوێژ مزگەوتەکانمان لە کۆڵنان**

**تا حەزی دزینی شعوری باخچە بۆ ئێوە بیٚ**

**بلوێرمان لێداو ڕۆیشتین**

**ئەو دەمەی بیستمان تەرمی درۆیەکی ئەبەنووس**

**بە بەردەم مێژووی عەشقی گوڵدانێکدا ڕاکێشرا**

**ڕۆیشتین و نەمانپرسی**

**چۆن وێراتان شێتانە دابارن و**

**شێتانە تر بینە دوکەڵ**

**ئەو کاتە ڕۆیشتین**

**که پێکەنینمان لە سوچێکی بەشی ناوخۆییدا لیَ بەجیًما**

**بلوێرمان لێدا**

**ئەو کاتەی دیمەنی باخێکی بەهەشتیمان**

**لەسەر تاقی تایەفەدا هەڵکەندو**

**ئەو دەمەی قژی چۆلەکەیەکمان ئاگرداو**

**تاقەتمان نەما گویَ لە گۆرانیە ئیزعاجەکانی مێروولە بگرین و**

**نەمان توانی بەسەر سمێڵی خێڵدا**

**بچینە ئەوبەری عیشق و**

**زاتمان نەکرد لە یەکەم کۆلاَنی ئەوینماندا بمرین و**

**نەمانوێرا پەنجەکانمان پیشانی شەو بدەین**

**بلوێرمان لێداو ڕۆیشتین**

**پیاڵەکانمان پڕ کردن لە گلَ**

**ڕێگاکانمان پڕ کردن لە شەراب**

**گۆرانیەکانمان پڕ کردن لە بەردو**

**شاخەکان پڕتر لە ئاواز**

**رۆیشتین**

**ئێوارەو چاوەڕوانیمان بیر نەچوون بردمانن**

**دڵتەنگیمان لە ناو دەستماندا نوقاند**

**گەلاَکانی بەرائەتمان بیَ مراز نەکردنو بردمانن**

**دەرگاکانی لە مەڕ ئێوەمان بێبەش نەکردن و**

**بەسەر ڕوحی خۆماندا دامان خستنەوە**

**نەگبەتیمان بەسەر شانمانداداو ڕۆیشتین**

**که بیستمان جەژن ژنێکە و**

**بەدەستی  پیاوێکەوە بوو بە کۆتر**

**تا ماچێك پڕ بوو لە فیشەك**

**سێبەرمان کچێك بوو بەدەستی شاعیرێکەوە  بوو بە مێلاقە**

**تا شەهوەتی قەرەجێك پڕبوو لە چەقۆ**

**ڕۆیشتین**

**تیاترۆخانەکانی شیعرمان قفڵدان**

**تا کتێبخانەکانی عەشرەت بۆ ئێوە بن**

کۆختەکانی ئەوینمان داخستن
تا باڵەخانەکانی رق بۆ ئێوە بن
کولانەکانی قەڵەممان پێوەدان
تا ساڵۆنەکانی خەنجەر بۆ ئێوە بن
بلوێرمان لێداو...

## پارچەی دووەم

بەدوای گەیشتنی تۆدا
بەخۆم نەگەیشتمەوە

## پارچەی سێیەم

شەو دڵی نایە عەباکەی بفرۆشێت
ئەو تەنیا بەشی تاریک کردنی پیرەمەگرون تاریکی پێیەو
ناتوانێت بیداتە ئەو هەناسانەی
دوای نیوە شەو
بەقورگی دوو عاشقدا رەت دەبن
ئەو ئیتر چاوەکانی تاقەتی خوێندنەوەی داستانەکانی تەنیاییان نەماوە
منداڵەکانی جلی سەفەریان بۆ ناکڕێت
شەو حەوسەلەی ئاگر کردنەوەو چاو لێنان‌و
گۆڕ هەڵکەندن‌و باران ناشتن‌و
شیعر نووسین‌و پەنجە تەقاندنی نەماوە
شەو زەوقی گۆرانی کوشتن‌و موو هەڵکەندن‌و
پەنجە تاشین‌و قژ کورتکردنەوەی نەماوە
ئەو خولیای نێرگز کوشتن‌و نەوا فرۆشتن‌و
مۆبایل داخستن‌و رق هەڵخستنی نەماوە
شەو تەنانەت تاقەتی هاتنی نەماوە
ئەو کاتەی من‌و تۆ قسە دەکەین

## پارچەی چوارەم

وەرە لەدامێنی پەنجەکانی یەکتردا بۆ یەک بمرین
کە دەزانین ژیان دەمێکە جێی هێشتووین

## پارچەی پێنجەم

مەرگ هەمیشە لەوسەری کۆڵان سەمون دەفرۆشێت
ئەو تف دەکاتە چارەنووسی زێرابەوە
مەرگ قوماشی سپی دەفرۆشێت‌و
نەعلەت دەفرۆشێت
مەرگ تاقەتی سێو رنین‌و زەمەن کڕینی هەیە
حەزی لەلێدانی نەغمەیەکی تاڵە بە بلوێری ماڵئاوایی
مەرگ جانتای منداڵان دەدزێ
بێزوو بە برژانی جەرگی دایکێکی بەریئو
نزولەی خوشکێکی پاکیزەوە دەکات
مەرگ هەمیشە بەدیار ڕێگاکانی ماڵئاواییەوە دادەنیشێت
بەدیار ئاواییەکانی لێکترازانەوە
پەنجە لەلوتی وەردەدات
بەدیار سوتانی جریوەیەک‌و
هەتیو بوونی ڕووبارێک‌و
جەنازەی هەنارێک‌و
گۆڕی شیعرێکەوە
پەنجە لە گوێچکەی وەردەدات
مەرگ بە مەرگی من‌و تۆ سوێند دەخوات
دەچێتە ئاهەنگی مارەبڕینەوەو شیرینی دەوێ
دەچێتە مزگەوتەوەو نوێژ دەکات
دەستی ئەنفالچیەک رادەموسێت‌و
لە مێرگی کتێبە پیرۆزەکاندا
دەبێتە بەرخێکی ساواو
لە باخچەی ساوایاندا
دەبێتە داری مامۆستایەکی مرچ‌و مۆن‌و
لە بەشی ناوخۆییشدا
دەبێتە یادگاری بۆنی چێشتێکی کۆنی دایک‌و
لە مەیخانەدا دەبێتە پەرداخێکی شێت
مەرگ لەگەڵ منداڵاندا راوی چۆلەکە دەنێ‌و

پیت پیت ناوی سیانی هەموو کۆڵانەکان دەزانێ

## پارچەی شەشەم

رانیە هەموو رۆژێ قەڵەمێکم بۆ دەکرێت‌و
شیعرێکم لێ دەدرێنێ

## پارچەی حەوتەم

مێزێکی دڵتەڕو تەپڵەکێکی مێبازو
جگەرەیەکی چوختی‌و پەرداخێک ئاوی سەرسەری
پەنجەرەیەکی کوێرو
دەرگایەکی شەل‌و
پەردەیەکی قاچ رووت
گڵۆپێکی نوکتە بازو فەرشێکی بێ مێشک‌و
پانکەیەکی کەمئەندام
لە کەش‌و هەوایەکی شەهوەتبازیدا
گاڵتە بەگریانی شعرێک دەکەن

## پارچەی هەشتەم

بۆ ئەوەی ئاوێنەیەکت هەبێ
کۆکردنەوەی پارچەکانی من بەسە

دیمەنی کۆتایی
دنیا هەموی دیمەنێکە